# چۆنییەتیی نووسینی وتار و توێژینەوە بە شێوازی ئاکادیمیک!

**-بەشی سێیەم-**

khatabs@hotmail.com

خەتاب سابیر

بۆ ئەوەی باسەکە درێژە نەکێشێت و بەشێوەیەکی کورت و پوخت بنووسرێ ،ئەم بەشە هەر پاشماوەی بەشی دووەمە بەلام بەباش زانرا کە بەبەشێکی جیا دابنرێت ، هەر سەبارەت بەکورتیی و پوختیی ، باشترە بوارێک بۆ خوێنەر بهێلرێتەوە کە خۆی وێل بێت بەدوای سەرچاوەگەلێکدا کە پەیوەندییان بە چۆنییەتی دارشتن و نووسینی وتارەوە هەیە بەشێوازی ئاکادیمیکیی . لەکاتێکدا زمانی کوردیی دەستی کورتە لەم بوارەدا ، بەلام دەکرێ کەلک لە زمانە جیهانییەکان وەربگیردرێ. لێرەدا بەکورتیی سەرهێلە گشتییەکان بەر ڕۆشنایی دەدرێن .

دوو خالی گرنگی هەر وتار و بابەتێکی ئاکادیمیی ، کە دەبێ هەر نووسەرێک بۆ کۆتایی هێنان بە نووسینەکەی ڕەچاوی بکات ئەمانەن :

1. سەرجەم وتارەکە شەپۆلاویی بێت ، مەبەست ئەوەیە کە ورووژاندنی بابەتەکانی ناو نووسینەکە دەبێ داینەمیکێکی شەپۆلیی هەبێت . لەهەمان کاتیشدا ئەو ئایدیایەی کە داینەمۆی وتارەکەی بەشێوەیەکی لۆژێکیی لەخۆگرتووە، دەبێ کۆنترۆڵ بکرێت .
2. خالە لاواز و گرنگەکانی باسەکە ، بەخوێنەر ئاشنا بکرێ . خوێنەر دەبێ بتوانێ ، کە ناخ و بیری بچەسپێ بە وتارەکەوە . ئەمەش بۆ بەبەهێزی نووسەر دەگەڕێتەوە و تا چ رادەیەک دەتوانێ ئارگیومێنتەکانی ناو باسەکەی بە ڕووە جیاوازەکانەوە دەستنیشان بکات .
3.

### نووسینی وتار بۆچیی؟

یەکێک لەهەرە هۆیە سەرەکییەکانی نووسین ( لەخوێندکارێکەوە بگرە بۆ کەسێکی ئاکادیمیست ، ژۆرنالیستێک ، تا کەسێک لەبواری بیزنیسدا ) ئەوەیە کە چۆن هەلسوکەوت لەگەل گرفتەکاندا دەکرێ . لەرێگای نووسینەوە گرفتەکان دەدرێتە بەر لێکۆلینەوەو شیکردنەوە و ئەنجامگیریی لێ هەلدەکرێنرێ . هەرکەس بەپێی بۆچوونی تایبەتی خۆی بەلام لەسەر کۆمەلێک پرەنسیپی هاوبەشی نووسین، نووسینەکان دەنووسرێن و دادەرێژرێن . ( Flower Linda, 1981, P19 ).

D- لێكدانی ناواخنی نووسینەكە:

ئەمە دەكرێ بە چەند كۆنسێپت و لینكێكی تایبەتەوە گرێ بدرێتەوە . گرنگترین شت بۆ نووسەر ئەوەیە رێی لێ تێك نەچێت ، كاتێك لەشوێنێكەوە ، لەخاڵێكەوە دەست پێ دەكات ، دەبێ بزانی بۆ كوێ دەڕوات و بەكوێشدا دێتەوە . ئەو رێڕەوەی بڕیارە قەڵەم بیگرێتە بەر دەبێ لە بیری نووسەردا رەنگرێژ بكرێ . بۆ ئەوەی هەركاتێك هاتەوە ڕێگای گەڕانەوەی مسۆگەر بێت و بزانێت لەكوێوە دووبارە دەست پێ دەكاتەوە .

1. بزرنەكردنی شوێن ، ئەو خاڵەی كە نووسەر لە مێشكی خۆیدا نەخشەی بۆ دادەنێت .
2. كورتكردنەوەی ڕووداوەكان لەنووسیندا بەپێی توانا .

ئەم خاڵە زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ ، كە ڕێكخستنی ڕووداوەكان بەپێی كات بێت و دوابەدوای یەكتریی بێت ، ئەوەی كە لەزمانی ئینگلیزییدا پێی دەگوترێت ( كرۆنۆلۆجیی- Chronology ) .

3. چوونە ناو ناوەڕۆكەوە زۆر بەوردیی ( پریسایزلیی – Precisely )
4. ڕوونكردنەوەكانی ناو وتارەكە ،بەتەواوی هەموو شتێ بگرنەوە .
5. ئایدیاگەلی ئارگیومێنتەكان لە گیرفان دەرنەكرێن ،دەبێ بتوانن خوێنەر قەناعەت پێ بكەن.

F- دووبارە نووسینەوەو دارشتنەوەی وتار:

خوێنەر دەبێ هەست بەوە بكات كە نووسەر ئازاری بینیوە بە ڕێكخستن و ئۆرگەنایزكردنی ( Organise =Organize ) بابەتەكەیەوە. ئەم خاڵە بەسەر چەند تەوەرێكدا دابەش دەبێ.

1. دروستكردنی پارەفرەیزگەلێكی بەهێز.
2. بەدەستهێنانی رستەگەلێكی سەرنجڕاكێش و توندوتۆڵ لەواتادا .
3. دۆزینەوەی گونجاوترین دابەشكردن لە نێوان رستەو پارەگرافەكاندا.
4. یەكانگیركردنی ستایلی نووسینەكە بە ناوەڕۆكی سەرجەم باسەكەوە.
5. خوێنەر شتی نوێ فێر بێت لە رەخنەگەلی (كریتەسیزم Criticism ) ی ناو باسەكەدا.

G – نرخاندن و هەڵسەنگاندنی وتار:

ئەم هەنگاوە كە بەدوایین هەنگاوەكانی نووسینی وتار دێت لەسێ خاڵدا كورتدەكرێتەوە .

1. بەدەستهێنانی بڕوابەخۆبوون.
2. خۆئامادەكردن بۆ بردنەوەی تاكتیك و شێوازی نووسینەكە. نووسەر دەبێ خۆی لە هەلومەرجێكدا ببینێتەوە كە خوێنەر وتارەكەی بخوێنێتەوە تاكتیكەكانی بەبراوە ، نەك بەدۆڕاو لەقەڵەم بدات.
3. تەرخانكردنی كات بۆ پێداچوونەوەیەكی ورد، ئەمە كەوتووەتە سەر نووسەر تا چەند ئامادەیە خۆی بەوتارەكەیەوە ماندوو بكات و بۆ ڕێزگرتن لە خوێنەر پێیدا بچێتەوە .

ئۆرگەنایزكردنی وتار بە شێوازی تۆڕ :

نووسەر دەبێ دوای ئەوەی کە وتارەکەی تەواوکرد و پێیداچووەوە ، یەکێک لە ستاندارد و ستایڵە ئاکادیمییکیەکان کە پەیوەندی نێوان هۆکار و کاریگەرییەکانن ( Causes and Effects ) لەبیر نەکات . چونکە هەر هۆیەک ئەگەر ئەنجامێکی بەدوادا نەیات ، وەکو ئەوە وایە ورگی نووسینەکە دڕابێ ، هەندێ جار هۆکار و رووداوەکان ئەنجامگیریی و کاریگەریی لێرەو لەوێ دادەنێن لەسەر ئاقاری نووسینەکە، بەلام گرنگترین شت ئەوەیە کە نووسەری بەتوانا بکارێ ئەم ئەڵقە پچڕپچڕانە لێک بداتەوە و لەشێوازێکی تۆڕییدا ئۆرگەنایزیان بکات ( Oshima and Hogue , 1999,p.134 ) .

درێژەی هەیە......

---


Flower, Linda.1981 “ *Problem Solving Strategies for Writing*”, Harcourt Brace Jovanovich, New York, San Diego, Chicago, San Francisco, Atlanta, London, Sydney, Toronto.

Oshima, Alice and Hogue Ann 1999. “ *Writing Academic English*”, Longman , New York.